ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# دەنگ کڕین و داوای دواخستنی هەڵبژاردن نیشانەی گومانن لە جەماوەر

فاضل قەرەداغی

٢٠٠٤/١٢/١

ئەو هەڵمەتەی دەنگ کرینە کە پارتی و یەکێتی دەیکەن نیشانەیەکی دیارە کە دوو حزبەکە گومانیان لە جەماوەرو لە دوارۆژی خۆیان هەیە. بەپاڵ ئەمەش ئەو دوو حزبە لەگەڵ چەند حزبێکی تری عیراق داوایان کردبوو هەڵبژاردنەکان بۆ ماوەی شەش مانگ دوابخرێن. دیارە هەموو ئەوانەی ئەو داواکارییەیان هەیە دەزانن هیچیان دەستناکەوێت. سەبارەت بە دوو حزبەکەی کوردستانیش زانراوە کە ئەوان هەڵبژاردن نەکرێت چاکترە چونکە هەر لە شوێنی خۆیاندان: وەکو جاران حوکم دەکەن و بێ لێپرسینەوە یاری بە داهاتی وڵات دەکەن ئیتر بۆچی وەزع لەخۆیان تێکبدەن و خۆیان بخەنە گێژاوی هەڵبژاردنێك کە ئەنجامەکەی روون و دیارە: یان ئەوەیە دەنگی پێویست ناهێنن ، یانیش ئەگەر دەنگ بهێنن رێژەی ئەو دەگانە هێندە کەم دەبێت کە دەلالەت لە نەبوونی متمانەی جەماوەر بەوان دەکات و دەیسەلمێنێت کە ئەو ئیددیعایەی دەیکەن گوایە ئەوان نوێنەری کوردن راست نییە بۆیە لامان سەیر نەبێت ئەگەر دوو حزبەکە بچنە پاڵ حزبی تر کە بەشی هەرە زۆریان هیچ کێشێکیان لە عیراقدا نییە، هەروەها کوردستان کێشەی ئەمنیی نییە و وەکو ناوەڕاستی عیراق ترس لەو لایەنە نییە .

لەم ماوەیەشدا سەرۆکی کاتیی حکومەتی عیراق ئەیاد عەللاوی گەیشتە کوردستان و ناوبراو ئەو پەیامەی پێ بوو کە دەبێت هەڵبژاردن هەر بکرێت. پەیامەکەش دیارە هی ئەمەریکییەکانە کە دەیانەوێت بەهەموو شێوەیەك ئەو هەڵبژاردنە لەکاتی خۆیدا بکرێت هەم لەبەر سومعەی خۆیان لەناو جیهانداو هەم لەبەر ئەوەی تا زووە ئامادەباشی بکەن بۆ کشانەوە لە عیراق.

## هاتنی عەللاوی بۆ کوردستان

زانراویشە کە مانەوەی دوو حزبەکەی کوردستان هەمیشە بەندە بە دەرەوەو وازیان لێ بێنی بەرگەی مانەوەی یەك رۆژیان نییە (٣١ی ئابیش باشترین نموونەیە) لەبەرئەوە لەغەیری بەڵێ ناتوانن هیچی تر بە ئەمەریکییەکان بڵێن بەڵام سەیر لەوەدایە ئەم جارە پەیامەکە ئەیاد عەللاوی هێناویەتی. رەنگە پارتی و یەکێتی ئەو فەرمانەیان لە کەناڵەکانی خۆیانەوە بۆی هاتبێت بەڵام هاتنی نابراو بۆ کوردستان شتێکی ئاسان نییە لەم بارودۆخە شلەقاوەی عیراق بۆیە دەبێت شتێکی زیاتری پێ بێت. خۆ ئەگەر هاتنەکەی تەنها بۆ ئەوە بووە کورد داوای دواخستنی هەڵبژاردن نەکات واتە تەنها بۆ گەیاندنی فەرمانە ئەمەریکییەکەیە ئەوکاتە پێویستە دان بەوەدا بنێن کە تەوەججوهی ئەمەریکا ئەوەیە کورد لەمەودوا فەرمانەکان لە بەغداوە وەربگرێت. هەموو شتێك چاوەڕوانکراوە دەبێت بڵێن خوا خراپتر نەدات.